# وەڵامێک بۆ کاک عەلی مەحموود

دلێر محمد عەلی
18/4/2005

بەڕێز عەلی محمود لە نوسینیکدا لە سایتی دەنگەکان لە 2005/4/17 بڵاوی کروەتەوە سبارەت بە ئیعدامکردنی سەدام حوسەین و عەلی حسن مەجید ناسراو بە عەلی کیمیاوی.

بەڕێزیان لە نوسینەکەدا چەند بۆچونێکی دوور لەیەک باس دەکات و پەیامەکەی بە ڕوونی ناخاتە بەردەم خوێنەر، من لێرەدا دەمەوێت بۆچوونی خۆم دەربڕم لەسەر نامەکەی کاک عەلی کە دەیەوێت بە شێوەیەک لە شێوەکان یاسای و بۆچوونی مرۆڤایەتی لەبەرژەوەندی کەسانێک پەیڕەو بکرێت کە خۆیان بە هەموو شێوەیەک سووکایەتیان بەو ووشە و بە بوونی مرۆڤایەتی کردوە، و بە پێزانینەوە بەرنامەی ڤڕکردنی میللەتی کوردی دارشتوەو دەستبەکاری کردووە.

من لەگەڵ بۆچوونەکانی کاک عەلی مەحمودم لە بەرگریکردن و لابردنی سزای ئیعدامکردنم بەڵام من زۆر بە توندی پشتگیری لە ئیعدامکردنی سەدام حوسەین و عەلی حسن مەجید دەکەم لەبەر سێ هۆی سەرەکی یەکەمیان ئەو دوانە تەنها لە دڕندایەتی و سووک سەیرکردنی گەلی کورد بەرنامەی ڤڕکردنی گەلی کوردیان داوە و لە ژێر هیچ فشاریکی خۆیی نەبوون و بەشێوەیەک ڤڕکردنی کوردیان نیشان دەدا کە بەشێک بێت لە ئازایەتی و پیاوەتی لەهەمان کاتیشدا نەوەیەکیان پێکهێنا کە بەو ئاقارەدا بیربکەنەوە، هەروەها پیرۆزترین بەهای مرۆڤی ناوچەکەیان بەکارهینا بۆ پاڵپشتی ئەو تاوانانە کە ئایینی ئیسلامە. دووەمیان لابردنی سزای ئیعدام بۆ ئەو کەسانەیە کە بواریان بدرێتێ خۆیان چاک بکەن و بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگا وەک ئەندامێکی بنیاتنەر، بەڵام بە ڕای من ئەو جۆرە کەسانە بواری چاکبونەوەیان نیە ناتوانن ببن بە ئەندامێکی پۆزەتیڤ لە کۆمەڵگادا و مانەوەیان دەبێت بە هاندەر بۆ تاوانبارانی تر کە تاوان ئەنجام بدەن بەرامبەر بە مرۆڤایەتی. سێهەمیان لە مێژووی کوردا تاوانی کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە گەلەکەمان ئەنجام دراوە و بێ ئەوەی هیچ سزایەک بدرێت و ئەوە بووە بەهاندەری هەموو شۆڤینیزمێک بۆ تاوان ئەنجامدانی تاوان بەرامبەر بە گەلەکەمان ، جا ئیعدامکردنی ئەو دوو کەسە دەبێت بە وانەیەک بۆ شۆڤینیەکانی ئاییندە.

بەڕای من ئیعدامکردنی تاوانبارانی جینۆسایدی گەلی کورد جیاوازە لە بەدیکۆمێنتکردنی ئەو تاوانانە، ئەنجامی ئەو دادگاییە هەرچۆن بێت پێویستە بخرێت ڕوو و بمێنێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

لە کۆتاییدا هیوادارم کاک عەلی مەحمود جیاوازی نێوان تاوانبارێک لەبەر برسێتی یان نەخۆشی دەرونی یان هەرهۆیەکی تر بێت تاوانی ئەنجام دابێت لەگەڵ کەسانێکی وەک سەدام حوسەین و عەلی حسن مەجید (عەلی کیمیاوی) جیابکاتەوە، هەروەهآ من نارۆمە سەر هەڵوێستی سەرۆک کۆمار جەلال تاڵەبانی سەبارەت بە بۆچونەکانی، لەبەر ئەوەی ئەو بەڕێزە بۆ دڵنەواییکردنی برا عەرەبەکانی ئامادەیە بۆ هەموو چاوپۆشییەک لە تاوانبارنی جینۆسایدی گەلی کوردستان، کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی هەولێر لە بەرواری 26/27-9-2004 دیارترین ساهیدە لەسەر ئەو بۆچونانە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com